# ئەم كۆمەڵگای ئێمە بۆ بێ شەرەفە!!!!

**روناک ئەحمەد**

**کۆڵن**

runnak@hotmail.de



هەر نەتەوەیەک بن دەست بێت  هەول ئەدات بۆ بەدەست هینانی سەربەخۆی و  دەولەت، نەتەوەیەک یان گروپپێک  ئازادی نەبوو یان ئازادی بن پی کرا بوو  هەول ئەدات بۆ بە دەست هینانی ئازادی،  ئەوە گومانی تیا نیە هەر کەسێک ئەگەر شتێکی نەبوو ئەوا بە شێوازی جۆراو جۆر هەوڵ ئەدات بۆ بە بەست هینانی، بێ گومان ئەوانەی شەرەفیان نەبێ هەوڵ ئەدەن بۆبەدەستهێنانی . دیارە لە کۆمەلگای ئێمە شە رەف پانتاییەکی زۆری گرتوە لە ئەقل و مەعریفەی خەڵکدا،  زۆرێک لەو خەڵکانە لە مانای راستی شەرەف تێنەگەشتوون ،

کارەساتە لە باشوری کووردستان و لە دوای 16 ساڵ ئازادی ئەو کۆمەڵگا ئەوەندە توندو تیژە لە سەر جادە گەلە پیاوێکی  کورد کیژۆلەیەکی تەمەن 17 ساڵ  بەرد باران و ڕەجم دەکەن و شەهیدی دەکەن.ئەم کیژۆڵە تاوانی چی بو!!!!!!ئەو گەلە پیاوە با رەجمی ئەو  کەسانە بکەن کە نیشتمان دەفرۆشن کە کەرکوک دەکەن بە تورکمانستان ،زەمینە بۆ سووپای توورک خۆش دەکەن.  بەرگری لە نەتەوەو سەروەری نیشتمان  شەرەفی ڕاستیقینەیە. دیارە کارکردن بۆ شەرەفی راستەقینە ئەرکێکی گرانە. بۆیە شەرەفیان کردۆتە جەستەی ژنان چونکە بەرگری لێکردنی ئاسانە،گومانی تیا نیە کە دەسەڵاتی کوردیش پشتگیری لەم کەلتورە قێزەونە  دەکات .بۆ خێڵ وعەشیرەت  کۆکردنەوە لە دەوری خۆیان بۆ مانەوە لە دەسەلات،هەر بۆیە لە دوای 16 سال یاسایەک دانانێن بۆ ڕێگرتن لەو دیاردە قێزەونانە کە ڕۆژانە دوپات و دەپات دەبنەوە .  یاخود رۆشنبیران لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوە بە مەبەستی بەرگری کردن لە ژنان و بۆ گۆرینی کۆمەلگا، بەلام بە پێچەوانەوە ئەوانیش ئەکەن  بە کۆپی خۆیان، کۆمەلگا رازی دەکەن بۆ دەسەلات نەک دەسەلات بۆ کۆمەلگا .